حوکمەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژنەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر
کۆلێژی ئاداب

# (تاوانی کوشتن لەیاسای حامۆڕابی (١٧٩٢-١٧٥٠پ.ز) یاساکانی ئێیستا توێیژینەوەیەکی بەراورد کاریە )

## پرۆژەی دەرچوونە

پێشکەش بە بەشی (شوێینەوارەوە لەزانستی شوێینەوار) کراوە، وەک بەشێکی لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس

ناوی قوتابی
سیدرا رووف محمد

بەسەرپەرشتی:
چیمەن عبدالله

٢٠٢٣-٢٠٢٤

{وَلَا تَقۡتُلُواْ ٱلنَّفۡسَ ٱلَّتِي حَرَّمَ ٱللَّهُ إِلَّا بِٱلۡحَقِّۗ وَمَن قُتِلَ مَظۡلُومٗا فَقَدۡ جَعَلۡنَا لِوَلِيِّهِۦ سُلۡطَٰنٗا فَلَا يُسۡرِف فِّي ٱلۡقَتۡلِۖ إِنَّهُۥ كَانَ مَنصُورٗا(سورةالإسراء-اية٣٣)}

## پێشكەش كردن

ئەم توێژینەوەیە پێشكەشە بە كۆلێژی ئاداب/زانكۆی سەلاحەدین بەشی شوێنەوار، وە پێشكەشە بە مامۆستا خۆشەویستەكانی بەشی شوێنەوار ، كەوا زۆر لەگەڵ ئێیمە هیلاك بون بۆ ئەوەی كەوا   زانست فێر بین، وە پێشكەشە بەدایكو باوكی خۆشەویستم .

## سوپاس و پێیزانین

سوپاسی بێی پایەن بۆ پەروەردیگار  کەوا هیێزی پێیدام تاکو ئەم تویێژینەوەیە تەواو بکەم ، وە بەسەر هەموو کۆسپێک سەرکەوم وەسوپاسی مامۆستاکان ئەکەم کە یارمەتی دەرمان بون ، سوپاس بۆ دایکو باوکی خۆشەویستم ، سوپاس بۆ هاوسەری ئازیزم کە هەمیشە یارمەتی دەرم بون لەهەموو شتێیکدا .

# ليستی ناوەرۆک


| ناوەرۆک | ژمارە |
| --- | --- |
| بەشی یەکەم :سەرەتایەکی مێژووی دەربارەی وڵاتی دووڕووبار لەسەردەمی پاشا حامۆڕابی و پاشخانییێکی مێژووی دەربارەی سەرهەڵدانی یاسا. | |
| تەوەرەی یەکەم :سەرەتایەکی مێژووی دەربارەی وڵاتی دووڕوبار لەسەردەمی پاشا حامۆڕابی (١٧٩٢-١٧٥٠)پ.ز | |
| تەوەرەی دووەم :پاشخانێکی مێژووی دەربارەی قۆناغەکانی سەرهەڵدانی یاساو پەرەسەندنی لەوڵاتی دوو ڕووبار دا . | |
| بەشی دووەم :گرینگترین مادده یاساکانی کەباس لەکوشتن دەکات لە سەردەمی حامۆڕابی و لەئێیستادا . | |
| تەوەرەی یەکەم:گرنگترین مادده یاساکان کەباس لەکوشتن لەیاسای حامۆڕابی دەکات . | |
| تەوەرەی دووەم: گرنگترین بەندە یاساکان لەیاسای ئێستادا کە باس لەتاوانی کوشتن دەکات. | |
| بەشی سێیەم : | |
| تەوەرەی یەکەم:کاریگەری یاسای حامۆڕابی لەسەر یاسا پەیڕەو کراوەکانی ئێیستا. | |

# پێشەكی

لەم تویێژینەوەیەدا كە  باس لەپاشا حامۆڕابی ئەكەین كەوا پاشای شەشەمی بنەماڵەی بابلی یەكەمە ، لەدوای باوكی (سین -موبەلەت ) دەسەلاتی وەرگرت وە یاسایەكی داهێنا كە ئەم یاسایە دەگەڕێتەوە بۆ (١٧٩٢-١٧٥٠)پ.ز بێی كەمو كورتی ترین یاسای كۆنە كە دۆزرابێیتەوە تا ئیستا ،وە پاشا حامۆڕابی بە دانەری ئەم یاسایە دادەنرێت ،توانیویەتی بۆماوەی ٤٠ ساڵ فەرمان ڕەوای بكات  ،دۆڵی نێیوان دوڕووبار یەک خستوە ، دادوەری بەسەر هەموو فەرمان ڕەواكاندا كردوە ،كاریگەری تەواوی لەسەر دەوڵەتەكانی دراوسێ هەبوە ،لەڕووی سیاسی و شارستانیەوە ، هەندێ لەیاساكانیان هاوشێیوەی یاسای حامۆڕابی یە ، وەک یاسای حیسی و یاسای ئاشوركەپاش چەندین سەدە بوە .

لێرەدا هەڵبژاردنی ئەم ناو نیشانە بۆ تویێژینەوەكە گرنگی و بایەخی خۆی هەبوە چونكە بابلیە كان هەندێ كاری تایبەتیان كردووە بۆ بەڕێوبردنی دەوڵەت و ژیانی ڕۆژانەی خۆیان ،وە هەروەها   هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە حەزی خۆم بوە بۆ ئەوەی زیاتر زانیاری بزانم دەبارەی یاسا كەی حامۆڕابی وە بەراوردیشی بكەم لەگەڵ ئێیستا  .وەهەروەها بابەتەكەم پێیک دێیت لە پێیشەكیو  سێ بەش و دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەكان و پاشكۆی گرتۆتە خۆ.وە لەبەشی یەكەم دوو تەوەرە هەیە كە لەتەوەرەی یەكەم باسی مێیژووی حامۆڕابیم كردوە وە لەتەوەرەی دووەم باسم لە سەرهەڵدانی یاسا كردوە كە سەرەتا چاكسازی بوە دواتریش بوە بە یاسای پەیڕەو كراو ، وە لەبەشی دووەم لەتەوەرەی یەكەم كە باسم لەتاوانی كوشتن لە مادده یاساكانی حامۆرابی كردوە ، وەلەتەوەرەی دووەم باسم لە مادده یاساكانی ئێیستا كردووە. وە لەبەشی سێیەم باسم لە كاریگەری یاسای كۆن لەسەر یاسای ئێیستا دا كردوە .

وە هەروەها ئەو سەرچاوانەی كە زۆر پشتم پێی بەستون لە بەشی یەكەم لە سەرچاوەی ( مێیژووی كۆنی ڕۆژهەلاتی نزیک )(كەلسومە جەمیل ) كەوا لەبەشی یەكەم زۆر سودم لەم سەرچاوەیە وەرگرتوە بۆ لایەنی مێیژووەكەی وە بۆ لایەنی سەرهەڵدانی یاساكان . وەلەبەشی دووەم كە سودم لەسەرچاوە(شريعة حامورابي  ) (محمود الامين  ) كە بۆ مادده یاساكان سودم لەم سەرچاوەیە وەر گرتوە . هەروەها ئەو كۆسپوو تەگەرانی كە هاتۆتە بەردەم تویێژینەوەكە وەكوو نەبونی كەمی سەرچاوە وە وەرگێیڕانی كتێیبە عەرەبیەكان بۆسەر زمانی كوردی . جیێ سەرنجە هەوڵم داوە بە پەیڕەو كردنی ڕێیبازی تویێژینەوە ، ئەم تویێژنەوەیەش بەدەر نیە لەكەمو كوڕی ، سەركەوتنیش لەخواوەیە .

## بەشی یەکەم : سەرەتایەکی مێژووی دەربارەی وڵاتی دوورووبار لەسەردەمی پاشا حامۆڕابی و پاشخانییکی مییژووی دەربارەی سەرهەڵدانی یاسا

### تەوەرەی یەکەم :سەرەتایەکی مییژووی دەربارەی وڵاتی دوورووبار

### لەسەردەمی پاشا حامۆڕابی (١٧٩٢-١٧٥٠پ.ز)

بابل شوێینیکی ستراتیژی گرینگی هەبووە دەکەوێتە بەشی چەپی ڕوباری فوڕات مەڵبەندێکی بازرگانی جیهانی بوە لەو کات ،لەسەردەمی بابلی یەکەم دا ١٨٩٤-١٥٩٥پ ،سۆمۆ -ئابوم کەدامەزرێینەری ئەم بنەماڵەیە (١).پاشا حامۆڕابی یەکێکە لەوپاشایانەی کە لەبنەماڵەی بابلی یەکەمە شەشەمین پادشایە (٢)، بنەماڵەی بابلی یەکەم لەو بنەماڵانەی لەناوەڕاستی سەردەمی بابلی کۆندا سەری هەڵداوە. حامۆڕابی دەسەڵاتی لە باوکی وەرگرت لە سین -موبەلەت کە بەناوبانگترین شاکانی بنەماڵەی بابلە بەوەی کەسێیکی سیاسی و ئیداری و سەربازی و یاسا دانەر بوە (٣)حامۆڕابی لە سین -مبلط باوکیەوە مەملەکەتێیکی بچوکی بۆ بەجێ ما لە شاری سبار (٤)سبار شاری خواوەندی شەمش خواوەندی خۆرو دادوەریە ، شارەکە دەکەوێتە شارۆچکەی یوسفیە لەباشوری بەغدا (٥).دوای ئەوەی کە حامۆڕابی دەسەڵاتی وەرگرت ڕەوشی گشتی دەوڵەتەکە بەتەواوی گۆڕانکاری بەسەر داهات و سەردەمێیکی نوێ هاتە ئاراوە ناسراوە بەسەردەمی حامۆڕابی (٦). لەلەهجەی بابلی دا حامۆڕابی بە *ĥa-am-mu-ra-bi* خامۆرابی دەنوسرێت دەخۆێندرێیتەوە کە بەمانای ، سەرووەری مەزن یان بەمانای سەرۆکی خێزانیش دێت (٧).

---

١ . جەمیل ،کەلسومە ، مێژووی رۆژهەلاتی نزیکی کۆن ،هەولێیر ، ٢٠١٣ص٦٠.

٢.باقر،طة ، سەرەتایەک بۆ مێژوی شارستانیەتی دێرینەکانی وڵاتی نێوان دوو ڕوبار ، وەرگێیر. عوسمان عەزیز عەلاف هەولێر ٢٠٢٢.لا٦٠٥

٣ اسماعیل،بهیجة خلیل ، مسلة حامورابی ، بغداد ، ١٩٨٠ .لا٥

٤.طة باقر، المصدر السابق ،ص ٦٠٧.

٥. الدامرجی ،موئید بسیم ، بابل ، عمان ، ٢٠١٠ .لا٢١

٦.جە میل ،کەلسومە، المصدر السابق،ص ٦١.

٧.المین ، محمود ،شریعه حامورابی ، لندن ،٢٠٠٧،ص٨.

**حامۆڕابی یەکێیکە لەپاشا مەزنەکانی عێراقی کۆن ئەو لەسەرەتای دەسەڵاتیدا خەریکی چاکسازی ناوخۆی و باش و خۆشکردنی بار گوزەرانی ژیانی دانیشتوان و دامەزراندی پرۆژە بوو بۆ ئەوەی بتوانێت ڕەزامەندی و خۆشەویستی هاوڵاتیان بەدەست بێنێت (٢).دەستکەوتەکانی حامۆڕابی لەساڵی دەیەمی دەسەڵات داری دا شاری ( ربیق رومادی ) داگیر کرد ، دواتر دووبارە بۆ ماوەی نزیکەی ٢٠ ساڵ هەڵمەتی سەربازی ڕاگرت .لەم ماوەیەشدا چەند کارێکی ئەجام دا وەکو هەڵکەندنی کەناڵ و جۆگە و ئاودێری و چاک کردنی ڕێگاکانی بازرگانی و گرنگی دان بە بیناسازی و درووست کردنی پەرستگا . لەدوای ئەنجام دانی کارە چاکسازیەکانی کردارە سەربازیەکانی حامۆڕابی دەستی پێی کردەوە توانی شاری لارسا بەتەواوی بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی . چەندین نازناوی بۆ خۆی بەکار هێینا وەکو پاشای بابل پاشای ئاموریەکان پاشای سۆمەرو ئەکەد پاشای چوار لا (٣).لەدوای ماوەی ژیانی دا یاسا بەناوبانگەکەی داهێینا کە ساڵی ١٩٠١ز لەشاری سوسە دۆزراوەتەوە کەئەم یاسایە لەسەر بەردی دیۆڕایتی ڕەش نوسراوە (٤).کە ئەم میلە یاسای لەسەر نوسراوەتەوە درێیژیەکەی ٢٢٥ سم ڕووبەرەکەی ١٦٥ سم،(٥). کە میلەکە لولەکیە کە ٢٨٢ ماددە یە زۆر پێێ دەچێێت لە ٣٠٠ ماددە زیاتر بوبێیت ،وە میلەکە پێیک دیێت لە پێیشەکیەک وە ناوەڕۆکی یاساکە وە ئەنجام ، کە لەپێیشەکیکە ئاماژەیەکە بۆ پاشا حامۆڕابی کەبەشێوازێکی ئەدەبی و ڕەوانبێژی جوان ، باس لەوە ئەکات کە خواوەند فەرمانی پێی بە بڵاو کردنەوەی یەکسانی لەنێوا ن ئەندامانی کۆمەڵگاکەی خواوەند ئەوانی ئەمانەتی ئەو کردوە بۆ ئەوەی ستەم نەهێڵێیت (٥).**

---

١.المین ،محمود،المصدر السابق،ص ص٦-٧

٢.جەمیل ، کەلسومە ، المصدر السابق ، ص ص ٦٤-٦٦.

٣.جەمیل ، کەلسومە،المصدر السابق،ص ٦٦.

٤.محمد ، جعفر علی ، نشآة القوانین وتطورها ، بیروت ٢٠٠٢.ص ص٢٦-٢٨

٥. زناتی ،محمود سەلام ، قانون حامورابی . القاهرە ١٩٧١.ص٣٤.

**گەیاندوە وە ئەو هێیمایانەی کە ڕەش بونەتەوە کە لەسەر میلەکە نەماون بە ٧ ستون مەزەندە دەکرێێت . وە پێیشەکی لەسەر میلەکە کە چوار ستونی یەکەمی دەقەکەی داگیر کردوە وە مادده یاسا کان لە هێیلی ٦٢ی ستونی پێینجەمە وە دەست پێی ئەکات لەکۆتای ستونی ٤٦مدا کۆتای پێیدێت (١).**

**سەبارەت بە دەر ئەنجام لەسەر میلەکە کە تێیدا داوای جێیبەجیکردنی یاساکان و پاراستنیان کردوە ، وەحامۆرابی تێیدا باسی ئەوەی کردوە کە داوا لەهەموو خواوەندەکانی وڵات کردوە کە هەرکەسێیک ئەم یاسایانە جێیبەجێ نەکات یان هەوڵی سڕینەوەیان بدات کەوا خواوەندەکان نەفرەتیان لێ ئەکات وە وە بەڵاو کارەسات بەسەریان دێینێت (٢).**

## گرنگی یاسا :

**یاسا چاوگەی ڕێکخستنی پەیوەندی و چەسپاندنی ماف و ئەرکە لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و دیارکردنی سنوور و سزا(٣).جگە لەوەی کۆمەڵگەی سیاسی ڕێک دەخات لەنێوان فەرمانڕەواکراو و فەرمانڕەوادا لەهەموو لایەنەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی (٤).ئەگەر چی یاساکان نەیانتوانیوە گشتگیر بن و هەموو لایەنەکان بگرنەوە و هەموو کێشەکان چارەسەر بکەن (٥) ،بەڵام لەگەڵ ئەمەش یاسا دۆزراوەکان لە عێراقی کۆن دا تا ئێستا بەکۆنترین هەژمارکراوە و واتای لوتکەی ڕەسەنایەتی ، ژیاری دۆڵی ڕافیدەین دەگەیەنێ و بۆ ئەو سەردەمە واتای بوونی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو دەگەیەنێت(٦) .ئەمە لەگەڵ ئەوەشدا پێش دۆزینەوەی نوسین هەر یاسا و داب و نەریت هەبووە حوکومی کردوون ، بەڵام نوسین دۆزرایەوە ئەمەش یارمەتی سۆمەری و ئەکەدییەکانی دا کە یاساکانیان تۆمار بکەن (٧).**

---

١. حنون ، نائیل ، شريعة حامورابى . دمشق ، ٢٠٠٥ص ص ١٧-١٩.

٢.زناتى ، قانون حامورابى ، المصدر السابق ، ص ٤٣

٣. الهاشمى :رضا جواد ،حضارة العراق ، ج ١ ، بغداد ، ١٩٨١ ،ص ٦٤.

٤. ڕشید : عبدالوهاب حميد ،حضارة وادي الرافيدين - ميزوپوتاميا - ط ١ ، بغداد ،٢٠٠٤ ،ص ١١٧.

٥. سليمان ، القانون في العراق القديم ،المصدر السابق ، ص ١٦٠.

٦. رشيد : عبدالوهاب حميد ، المصدر السابق ، ص ص ١١٧- ١٨١.

٧. سوسة : احمد ، حصارة وادي الرافدين ، بغداد ،١٩٨٠،ص١٩١.

## گرنگترین تایبەت مەندیەکانی یاساکانی وڵاتی نیوان دوو ڕووبار :

١-بەکۆنترین یاسا نوسراوەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیک و لەسەر ئاستی هەموو جیهانیش تا ئێستا هەژمار کراوە (١)، کەمێژووەکەی دەگەڕێیتەوە بۆ هەزارەی سییەمی پێش زاین ، وەک:یاسا کانی اور -نمو کەسەدەها ساڵ پێیش یاساکانی عیلامی و حیثی و عبری و یۆنانی و ڕۆمان و مسریو بێزەنتی هەبووە (٢).

٢-لەبەر ئەوەی لە سەردەم و ماوەی جیاجیا دا نوسراون شیێوازی نوسینەوە و دابەش کردنی مادده و یاساکانی جیاوازە ، هەرچەندە تەنها قانونی حامۆڕابی دەست نوسی یەکەم بە تەواوەتی گەیشتوە بەدەستمان (٣).

٣-وەک ئەم یاسایانەی دوای ئەوانیشدا دەردەکەویَ هەبونی چین لەو سەردەمەدا ویاساکانیش جیاوازی کردووە لەنێوانیان دا ، وەک چینی ئازاد و کۆیلەو هەژارو دەوڵەمەندو خانەدان، ،ئەگەرچی هەرسەردەمێک و دابەش کردنی چینەکانی دەقاو دەق وەک یەک نەبووە لەدیاری کردنی پاداشت و سزا وهەندیَ حوکمی تردا (٤).

٤-.زۆربەی یاساکانی عێیراقی کۆن چارەسەری لایەنی دنیای کردوەلەبواری کۆمەڵایەتی و ئابوری و باری کەسێتی و هیچ ئاماژەیک بەلایەنی ئاینی و چینی کاهینەکانی تێدا بەدی ناکرێیت ، ئەگەر چی ئایین و خواوەندو لەلای عێراقیەکۆنەکان سەرچاوەی یەکەمی یاساکان بوە(٥).

٥-یاساکان داوای تاقیکردنەوەو بیَ تاوانی سەلماندنی تاوانباری تیێدا بوە بۆ نمونە لەکاتی ساغ کردنەوەی تۆمەتی زینا لەسەر ژنییێک فڕێدانە ناو ئاو سزای بوە و ئەمەش لایەنێکی خراپی یاساکانە(١) .

---

١. کریمر :صمو ئیل نوح،من الواح سومر ،ت،طة باقر ، القاهرة ، ١٩٥٧،ص٥-١.

٢.باقر،تاريخ العراق القديم ، المصدر السابق،ص٩٤.

٣.باقر، مقدمة فى تاريخ الحضارات القديمة ، المصدر السابق،ص ٢٩٣.

٤.باقر،حضارة العراق، المصدر السابق،ص ١٠٨.

٥.باقر،حضارة العراق،المصدر السابق،ص،١٠٨.

٦.الهاشمى،المصادر السابق،ص٦٩.

**٦-یاسا کۆنەکانی عێراقی کۆن زۆر لایەنی پێیش کەوتوو کامڵی هەبوو وە ک:**

**ا-  مەبدئی(یاسای سۆمەری و سامی )سزای ماددی و پێی بژاردن زیاتر بووە وەک لە سزای جەستەی بەتایبەت لە یاساکانی (اور-نمو) (لبت عشتار)دا بەڵام یاساکانی تر اشنونە و حامورابی سزای جەستەی و تۆڵەکاری بە ئاشکرا پێیوە دیارە (١).**

**ب-ڕاگرتن یاخود هەڵوەشاندنەوە جیێبە جێ کردنی یاسایەک بەهۆی ڕوداوێکی لەناکاو بۆ نمونە :**

**جوتیارێک  ڕووداوی لافاو بەروبوومەکەی ئاو دەیبات بە ماددەی ٤٨ی یاساکانی حامورابی قەرزەکانی بۆ دوادەخرێت(٢).**

**ج. هەروەها مافی تاکە کەسیەک زیانی گەیاندبێت بە کەسانی تر ڕێگەپێنەدراو بووە (٣)**

**د. بنەمای نیەت و نیازی تاوانبار لەبەرچاو گیراوە و زۆر بە هەند وەرگیراوە ، کە مەبەست بووە یان نا ،زانیار هەبووە یان نا ، بۆ نموونە ئەو (  غوروش ) ەی ژنێکی ئازاد فریوی دابێت و زینای لەگەڵ ژنەکەدا کردبێت نایکوژنەوە لەکاتێکدا کە سزاکەی مردن بووە (٤).**

**٧- بەشێوەیەکی گشتی سزاکانی نێو یاسا عێراقیە کۆنەکان زۆر توندو تیژ بوون و تۆڵەکردنەوەی زۆر تێدایە ، بەتایبەت لە یاساکانی حامۆڕابیدا جگە لە یاسای ماددی ، تۆڵەکاری و سزای جەستەی زۆر تێدا بەدی دەکرێت (٥).**

**تەنانەت ڕێگای جێبەجێکردنی یاساکانیش توندوتیژبووە بەتایبەت بەرامبەر کەسانی منداڵ و بێ دەستەڵات و دیلەکانی جەنگ بە ئافرەت و پیاوەوە (٦).**

---------------------------

**١.الاعظمي،المصدر السابق، ص٨٣.**

**٢.سليمان، الكتابات المسمارية ، المصدر السابق،ص ١١٣.**

**٣.الهاشمي ،المصدر السابق ، ص ٨١.**

**٤.باقر ، مقدمة ، المصدر السابق، ص١١٠.**

**٥.رشيد ، المصدر السابق، ص ١٢٦.**

**٦.حافظ،هاشم ، التاريخ قانون ، بغداد، ١٩٨٩، ص ص ٥-٧.**

## تەوەرەی دووەم :پاشخانییکی مییژوی دەربارەی قۆناغەکانی سەرهەڵدانی یاسا و پەرەسەندنی لەوڵاتی دوورووبار .

ئێیمە لەم تەوەرەیدا باس لەوە ئەکەین کە لە کۆندا سەرەتای سەرهەڵدانی یاسا چۆن بوە ؟ کە لەسەرەتادا چاکسازی بوە دواتر بوە بەیاسا کەوا کۆنترین چاکسازی چاکسازی ئورکاجینیا.

**١)چاکسازی ئورکاجینا**

ئورکاجینا:یەکێکە لە پاشاکانی بنەماڵەی لەگەش توانی بگاتە سەر تەختی دەسەڵات لەرێگای بەرپاکردنی شۆڕشێک لەدژی لوگال ئەندا کە بە گەندەلی و بەدرەوشتی ناوی دەرکردبوو ، ئەم حاکمە لەدەوری ٢٤٠٠پ.ز فەرمان رەوای کردوە هەروەها کاتێک چوە سەر حوکم ناوەکەی گۆڕی ئۆرونگینا، ئەو پاشایە بۆماوەی ٨ ساڵ فەرمان رەوای کردوە کە گرنگترین کارەکانی بە فەرمانی خواوەند نەنگرسو ئەنجام داوە (١).هەرچەندە ئەم چاکسازییانە لەریزی یاسادا هەژمارنەکراوە بەڵام ئورکاجینا شانازی بەوەوەدەکات کەیاسای نویێ دەرکردوە، رێیگری کردوە لەروتاندنەوە و چەوساندنەوەی گەلەکەی(٢) ،چاکسازیەکەی دەگەرێیتەوە بۆ نیوە دووەمی هەزارەی سییەمی پێیش زاین ، لەگەڵ ئەوەشدا بەیاسا دانەندراوە ، بەڵام بنەمایەک بوە بۆ دەرکەوتنی یاساکان ،ئەم چاکسازیە مەبەست لیێ دادوەری و بەرپاکردنی ئازادی بوو.(٣) چاکسازیەکان ئاماژە بە مافی کۆیلە دەکات کە پاش بەدیل گرتنیان کراون بە کۆیلە اورکاجینا لەجیێ بەجێی کردنی چاکسازیەکەیدا هەندییکیان خێراو تایبەت مەند بوە هەندێیکی تریان لەدەقەکانی بنچینەی دارشتنی یاساکەبون، اورکاجینا یەکەم کەس بوە کەلەمێیژووی مرۆڤایەتی تاکو ئێستا وشەی (*AMA-AR- GK*)ئامارکی بەکار هێیناوە بۆ ئەوەی دادپەروەری بچەسپێینییێت لەوڵاتدا(٤)

---

١.باقر ، مقدمة ،المصدر السابق،ص ٣٢١.

٢ديلا، پۆرت:بلاد مابين نهرين ،ت:محرک کمال ط٢:مصر:١٩٩٧ص٩٦.

٣.سليمان:کتابات المسمارية ، المصدر السابق ،ص ١٤٦.

*وشەیکی سۆمەریە بەواتای گەرانەوە بۆ لای دایک و ئازادی هەر لەمنداڵیەوە دێت .

٤.کريمر :صموئيل نوح،من الواح سومر ،ت:طة ،باقر،القاهرة ، ١٩٥٧،ص ١٠٥.

**یاسای ئور -نەمو:**

پاشاکانی ولاتی نێوان دوو ڕووبار هەوڵی مانەوە یادەوەرییەکانی خۆیان و ناوی خۆیان داوە ، ئەمەش لەڕێگای دارِشتنی یاساکانەوەبوە کەبەناوی خۆیانەوە ناویان ناوە . بۆ چەسپاندنی دادوەرو یەکسانی لەنێوان خەڵکی دا ، یاسای او -نمو بە کۆنترین یاسا دادەنرێت تاوەکو ئێستاکە کە دۆزرابێیتەوە (٢١٣-٢٠٩٥) پ.ز ئەم یاسایە لەسەردەمی بنەماڵەی ئوری سێ یەم بەزمانی سۆمەری بۆ چارەسەر کردنی کێشەو گرفتەکانی ئەو سەردەمە نوسراوەتەوە ، ئەم یاسایە لەپێیشەکی و کۆتای پێیک دێیت ، ماددەکانی تەنها ٣٧ماددەی بەتەواوەتی لێ ماوەتەوە (١) .

**یاسای لبت -عشتار :**

ئەم یاسایە بە دووەم یاسا دادەنرێت لە ولاتی نێوان دوو ڕووباردا لەدوای یاسای اور -نمو دەرکەوتوە،ئەگەڕێیتەوە بۆ -لبت عشتار کە پێینجەمین پاشای بنەماڵەی (ابیس)ە فەرمان ڕەوای کردوە لەنێوان (١٩٣٤-١٩٢٤)پ.ز بەزمای مسماری نوسراوەتەوە .(٢)

ئەم یاسایە پێکهاتوە لەپێیشەکی و ماددە یاسایەکان و کۆتای ، ماددەکانی ئەم یاسایە دەتوانرێیت (٤٠) ماددەی لێی بخوێنرێیتەوە بەشێیکی زۆری کۆتایەکەی لەڕووی ڕێیک خستنەوە هاوشێیوەی یاسای حامۆرابی یە.

---

١. karmar.s.n.uammulaw cod ,orientalia,٢٣,١٩٥٤,p٤.

٢. steele,f,th.cod ofli pit,Ishtar AJA,٥٢,١٩٨٤pp٤٢٥-٤٥٠

**یاسای اشنونا:**

**ئەم یاسایە ناوەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ شانشینی ئەشنونە پاش ڕوخانی بنەماڵەی ئوری سێیەم لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٦ پ.ز دەرکەوتوە پاش ئەوەی هەڵکۆڵین کرا لەگردی حرمل(شادیم کۆن ) لەدەوروو بەری بەغداد دوو تابلۆی قوڕینیان دۆزیەوە کە ژمارەیەک یاسای لەسەر بوو بەلەهەجەی ئەکەدی نوسراوە (١)ئەم یاسایە بەهەمان شێوە لەپێشەکی و مادده یاسایەکان کۆتای پێیک دێیت وا پێدەچییێت ئەم مادده یاساییانە رونوسی دووەم بن یان قوتابیەکان بۆ ڕاهێنان نوسیبێتیان چونکە هەڵەی ئیملای تیێدا بەدی ئەکرێ گومان دەبرێیت نزیکەی (٥٠)ساڵ پێیش یاسای حامۆڕابی دەر کەوتبێت ، ژمارەی ماددەکان ٦١ مادەیە کە٥٩ ماددەی دەخوێندرێیتەوە(٢)٠**

---

١.رشید ، صالیح قفتان:الکشاف الاثری فی العراق ، بغداد ، ١٩٨٧،ص ٢٧٠.

٢. باقر: طه ، قانون مملکة اشنونا. مجلة سومر .بغداد : ١٩٤٨، ص ص ١٥٤ -١٧٣.

## بەشی دووەم :گرینگترین مادده یاساکانی کەباس لەکوشتن دەکات لە سەردەمی حامۆڕابی و لەئێیستادا .

### تەوەرەی یەکەم:گرنگترین مادده یاساکان کەباس لەکوشتن لەیاسای حامۆڕابی دەکات .

### تەوەرەی دووەم: گرنگترین بەندە یاساکان لەیاسای ئێستادا کە باس لەتاوانی کوشتن دەکات

لەبەشی دووەم تەوەرەی یەکەم کە باس لەکوشتن ئەکەین لە مادده یاساکانی حامۆڕابی لێیرەدا تاوانەکان دەبێیتە دوو جۆر تاوانی کوشتنی بە ئەنقەست تاوانی بێی مەبەست ؟ لێرەدا مەبەست لەتاوانی بە ئەنقەست ئەوەیە کەوا کەکەسێک ئەکوژرێیت یانی بەمەبەست کوژراوە جا بەهۆکاری دوژمنی بوبێیت یاخود لەبەرامبەری پارە بوبێت کە ئەم کەسە بە مەبەست ئەکوژرێیت یان بە ئەنقەست ژەهر خوارد کرابێیت هۆکاری کوشتنی ئە ئەنقەست ئەو هۆکارەیە ، بەڵام کوشتنی بێی مەبەست واتە ڕەنگە ئەو کەسەی کە سییێکی کوشتوە مەبەستی کوشتنی نەبووە بۆ نمونە ڕەنگە کەسێک هەڵ ئەستێت بە زیندانی کردنی کەسێک جا لێبدات یاخود نانی پێینەدات یان بە هەر هۆکاری تر بییێت بەڵام ئەم کەسە مرد ئەوە ئەم تاوانە بە بێی مەبەست بووە .

### تاوانی بە ئەنقەست :ماددەی( ١١٦)

ئەگەر هاتوو دەست بەسەر کراو لەماڵی ئەو پیاوەدا کە بە بارمتە گرتویەتی ، لەئەنجامی لێدان یان مامەڵەی خراپدا مرد ، دەبێ خاوەن بارمتەکە ئەو داوایە لەدژی بارمەتەکار لەجیاتی وی دەکوژرێی ، ئەگەر کۆیلە بوو ئەوە بارمەتەکەر سێ یەکی مینایەک زیو دەدات ، بەو بڕەش کە قەرزی داوە سزا دەدرێی (٢). بڕوانە وێینەی یەکەم

šum-ma ni-pu-tum i-na É ne-pí-ša i-na ma-ḫa-ṣí-im ù lu i-na uš-šu-ši-im im-tu-ut be-el ni-pu-tim DAM.GÀR-šu ú-ka-an-ma šum-ma DUMU a-wi-lim DUMU-šu i-du-uk-ku šum-ma ÌR a-wi-lim ١/٣ MA.NA KUG.BABBAR i-ša-qal ù i-na mi-im-ma šum-šu ma-la id-di-nu i-(٣)-te

---

١. الفحام ، ماجد ، المصدر السابق ، ص، ٣٥-٣٧

٢.الامين ، محمود مصدر السابق .ص٦١

٣.Huehnergard (٢٠١١, p. ٣٩٩–٤٠٠)

**ماددەی (١٥٣)**

**ئەگەر ژنێک بووە هۆی کوژرانی مێردەکەی بەهۆی پیاوێکی دیکە ، پێویستە ئەو ژنە بە ستونێکەوە ببەستنەوە تاکو مردن . (١)بڕوانە وێنەی دووەم .**

šum-ma aš-ša-at a-wi-lim aš-šum zi-ka-ri-im ša-ni-im mu-sà uš-di-ik MUNUS šu-a-ti i-na ga-ši-ši-im i-ša-ak-ka-nu-ši(٢)

---

[١] .الامين ، محمود :المصدر السابق ،ص ٨٠

Huehnergard (٢٠١١, p. ٣٣٠.٢

**تاوانی بێی مەبەست :ماددەی( ١١٦ )**

**ئەگەر هاتوو دەست بەسەر کراو لەماڵی ئەو پیاوەدا کە بە بارمتە گرتویەتی ، لەئەنجامی لێدان یان مامەڵەی خراپدا مرد ، دەبێ خاوەن بارمتەکە ئەو داوایە لەدژی بارمەتەکار لەجیاتی وی دەکوژرێی ، ئەگەر کۆیلە بوو ئەوە بارمەتەکەر سێ یەکی مینایەک زیو دەدات ، بەو بڕەش کە قەرزی داوە سزا دەدرێی (١)**

šum-ma ni-pu-tum i-na É ne-pí-ša i-na ma-ḫa-ṣí-im ù lu i-na uš-šu-ši-im im-tu-ut be-el ni-pu-tim DAM.GÀR-šu ú-ka-an-ma šum-ma DUMU a-wi-lim DUMU-šu i-du-uk-ku šum-ma ÌR a-wi-lim ١/٣ MA.NA KUG.BABBAR i-ša-qal ù i-na mi-im-ma šum-šu ma-la id-di-nu i-(٢)-te

١.الامین ، محمود مصدر السابق .ص٦١

Huehnergard (٢٠١١, p. ٣٩٩–٤٠٠).٢

**مادده (٢٠٩)**

**ئەگەر پیاوێیک لەکچی پیاوێیکی ئازادی دا و بوە هۆی ئەوە کە کچەکە منداڵی لەبار بچێیت ، پێیویستە لەجیاتی ئەوە دە شیکل زیو بدات .**(١)

šum-ma a-wi-lum DUMU.MUNUS a-wi-lim im-ḫa-aṣ-ma ša li-ib-bi-ša uš-ta-di-ši ١٠ GÍN KUG.BABBAR a-na ša li-ib-bi-ša i-ša-qal.(٢)

---

**١.محمود ، المصدر السابق ، ص ١٠٨**

٢.Huehnergard (٢٠١١, p. ٣٥١).

**ماددەی (٢١٠)**

**ئەگەر هاتو لەئەنجامی ئەوەدا ئەو ژنە دووگیانە ، مرد ، دەبێ کچی ئەو پیاوە بکوژرێ .**

(šum-ma MUNUS ši-i im-tu-ut DUMU.MUNUS-sú i-du-uk-ku)[2]

[1].محمود ، المصدر السابق ، ص ١٠٩

Huehnergard (٢٠١١, p. ٣٥١).[2]

**ماددەی(٢١١)**

**ئەگەر هاتوو پیاوێیک بەهۆی لێدانەوە بوە هۆی ئەوەی ئافرەتێک لەڕەشانگی خەڵکە ، منداڵەکەی لەبار بچێیت ، دەبێیت پێینج مینا زیو بدات** [1]

šum-ma DUMU.MUNUS MAŠ.EN.GAG i-na ma-ḫa-ṣí-im ša li-ib-bi-ša uš-ta-ad-di-ši ٥ (٢).GÍN KUG.BABBAR i-ša-qal

---

[1].محمود ، المصدر السابق ، ص ١٠٩.

٢. Huehnergard (٢٠١١, p. ٣٥١)

**ماددەی(١١٢)**

**ئەگەر هاتوو بەهۆی لێدانەکە ئەو ژنە گیانی لەدەست دا ، دەبێی نیو مینا زیو بدات .** (١)

(٢).šum-ma zinništum ši im-tu-ut ½ ma-na kaspim i-ša-ḳal

---

١.**محمود ، المصدر السابق ، ص** ١٠٩

٢.(Abulhab (٢٠١٧, p. ٨٩

**ماددەی (٢١٣)**

**ئەگەر پیاوێیک لە کەنیزەیەکی پیاوێیکی ئازادی دا و بوە هۆی ئەوە کە منداڵی لەبار بچییێت ، دەبیێ دوو شیکل زیو بدات . (١)**

(٢)šum-ma amat a-wi-lim im-ẖa-aṣ-ma ša li-ib-bi-ša uš-ta-ad-di-ši II šiḳil kaspim i-ša-ḳal

---

**١.محمود ، المصدر السابق ، ص ١١٠**

Abulhab (٢٠١٧, p. ٩٠).٢

**ماددەی (٢١٤)**

**ئەگەرهاتوو کەنیزەکە مرد ، ئەوە ئەو پیاوە دەبێی سێ یەکی مینا زیو بدات .** (١)

(٢)šum-ma amtum ši-i im-tu-ut ⅓ ma-na kaspim i-ša-ḳal

---

١. **المحمود ، المصدر السابق .ص ١١٠**

Abulhab (٢٠١٧, p. ٩٠).٢

**بەشی دووەم :**

**تەوەرەی دووەم :گرنگترین بەندە یاساکان لەیاسای ئێیستادا کە باس لە تاوانی کوشتن ئەکات .**

## تاوانی بە ئەنقەست :

**لەماددەی (٤٠٥) ی یاساکەدا کە تێیدا هاتوە هەر کەسێک بە ئەنقەست کەسێک بکوژێت سزای هەتا هەتای یان کاتی دەدرێیت .**

**وەلەماددەی (٤٠٧) لەیاسای سزادانی عێیراقی ئاماژەی بەوەش کردووە سزای کوشتنی بە ئەنقەست لەعێیراق دا بریتیە لە زیندانی بۆ ماوەیەک کە لە دە ساڵ زیاتر نەبێیت .**

**لە دەقی مادەی (٣٥)ی یاسای سزادانی عێراقیدا ئەو جۆرە هەڵەانەی دیاری کراوە کە پێویستیان بە بەرپرسیارێتی تاوانکاری هەیە. پێنج فۆرمی سەریەککەوتوون کە جیاکردنەوەیان ئەستەمە، تاوانەکە بە مەبەست نییە ئەگەر ئەنجامەکەی ڕوویدات**

**تاوانەکە بەهۆی هەڵەی ئەنجامدەرەوەیە، جا ئەم هەڵەیە کەمتەرخەمی بێت، بێباکی بێت، گرنگی نەدان بێت، یان خۆپارێزی نەبێت.**

**یان پابەندنەبوون بە یاسا و ڕێسا و فەرمانەکان.**

**(١) کەمتەرخەمی: واتە کەمتەرخەمی لە ئەنجامدانی ئەو کارەی کە پیاوی هاوسەنگ دەبێ بیکات، کەمتەرخەمی بەزۆری دەبێتە هۆی ڕەفتاری نەرێنی**

**لە ئەنجامدا زیانەکانی وەک لەبیرچوونەوە و نەگرتنەبەری ڕێوشوێنی خۆپارێزی پێویست، زیانەکە ڕووی نەدەدا ئەگەر تاوانبارەکە وریا و وریا نەبووایە، وەک چۆن دەبێت کەسێکی وریا و هاوسەنگ بێت.**

**(٢) بێباکی: کەمتەرخەمییە کە لە ئەنجامی بێباکی و بێ بایەخی نارەوا دێتە ئاراوە، هاوشێوەی کەمتەرخەمییە بەو پێیەی ڕەفتاری نەرێنین کە لە ئەنجامدا زیانی لێدەکەوێتەوە.**

## کوشتنی بێ مەبەست :

لە ماددەی (٤١١) لە یاسای سزادانی عێراقیدا هاتووە "١- هەرکەسێک بە هەڵە کەسێک بکوژێت یان ببێتە هۆی گیانلەدەستدانی بەبێ مەبەست، لە ئەنجامی کەمتەرخەمی، بێباکی، گرنگینەدان، نەبوونی وریایی، یان پابەندنەبوون بە یاسا و ڕێساکان ، و فەرمانەکان، بە زیندانیکردن، غەرامەکردن، یان یەکێک لەمانەی خوارەوە سزا دەدرێت: ئەم دووانە

ئەو دوو لێدانە سزایە.

سزاکە بریتییە لە زیندانیکردن بۆ ماوەی ساڵێک کەمتر نەبێت و غەرامەکردن لە سێ سەد دینار کەمتر نەبێت و لە پێنج سەد دینار زیاتر نەبێت، یان یەکێک لەو دوو سزایە، ئەگەر تاوانەکە لە ئەنجامی سەرپێچییەکی گەورەی تاوانبار ڕوویدابێت لە ئەوەی کە بەهۆی بنەماکانی کار، پیشەکەی، یان پیشەکەیەوە بەسەریدا دەسەپێندرێت، یان ئەگەر لە کاتی کۆمیسیۆنەکەدا لە ژێر کاریگەری مادەیەکی سەرخۆشکەر یان مادەی هۆشبەردا بووبێت.ئەو هەڵەیەی کە بووەتە هۆی ڕووداوەکە یان ڕەتکردنەوەی هاوکاریکردنی... کەسێک لە کاتی ڕووداوەکەدا

تاوانەکە ئەنجام دەدات یان داوای یارمەتی بۆ دەکات هەرچەندە توانای ئەوەی هەیە.

سزاکە بریتییە لە زیندانیکردن بۆ ماوەی سێ ساڵ کەمتر نەبێت ئەگەر تاوانەکە ببێتە هۆی مردنی سێ کەس

کەسێک یان چەند کەسێک. بەڵام ئەگەر بارودۆخێکی دیکە کە لە بڕگەی پێشوودا ئاماژەی پێکراوە ئامادە بێت، ئەوا...

سزاکە بریتییە لە زیندانیکردن بۆ ماوەیەک کە لە حەوت ساڵ زیاتر نەبێت".

هۆکاری بەتاوانکردن: ئەم تاوانە بە دەستدرێژیکردنە سەر مافی مرۆڤ بۆ ژیان دادەنرێت، کە مافێکی پارێزراوە کە پاراستنی بە ڕاگەیاندنی مافەکان، ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان، دەستوور و یاسای نیشتمانی مسۆگەر دەکرێت.

تاوانی کوشتنی بە ئەنقەست مەرجی بابەتیی و ئەخلاقی هەیە کە بەم شێوەیە ڕوونی دەکەینەوە:

یەکەم: پێداویستییە جەستەییەکان

چالاکیی تاوانبار بە هەڵە نوێنەرایەتی دەکرێت، یاسادانەری عێراقیش فۆرمەکانی هەڵەی لە مادەی ٣٥ی یاسای سزادان دیاری کردووە، کە بریتین لە کەمتەرخەمی، گرنگینەدان، نەبوونی وریایی، بێباکی و پابەندنەبوون بە یاساکان.

---

١. لفحام ، ماجد ، المصدر السابق ، ص ٣٦.

وە یاسا و ڕێنمایی و ڕێساکان.

دووەم: مەرجە ئەخلاقییەکان

بەرپرسیارێتی تاوانکاری بەدەست ناهێنرێت مەگەر بوونی هەڵەیەک نەسەلمێنرێت و دوو توخم پێویست نەبێت

یەکەم: پێشێلکردنی ئەرکەکانی وریایی

دووەم: بوونی پەیوەندییەکی دەروونی لە نێوان ئیرادەی ئەکتەر و مردندا.

یاسادانەری عێراق لە مادەی (٤١٠)ی یاسای سزادان باسی لەو تاوانە کردووە. لە شیکردنەوەی دەقی بابەتەکەوە

بۆمان دەردەکەوێت کە توخمەکانی تاوانەکە بریتین لە:

یەکەم: توخمە ماددییەکە (زیانێک کە دەبێتە هۆی مردن):

و) ڕەفتاری تاوانکاری: ئەمەش یان لێدان، بریندارکردن، توندوتیژی، پێدانی مادەیەکی زیانبەخش، یان ئەنجامدانی کردارێک کە سەرپێچی یاسا دەکات. ئەو چوار وێنەیە نوێنەرایەتی زیان بە جەستەی قوربانییەکە دەکەن، لە کاتێکدا وێنەی پێنجەمی ڕەفتار کە بە پێشێلکردنی یاسا نوێنەرایەتی دەکرێت، لەلایەن یاسادانەرەوە خرایە ناوەوە بۆ ئەوەی هەموو ئەو دەستدرێژیانە بگرێتەوە کە ناچنە چوارچێوەی وێنەکانی پێشووەوە، وەک دەستبەسەرکردنی کەسێک بە شێوەیەکی نایاسایی و بێبەشکردنی لە خواردن و دەرمان کە دەبێتە هۆی مردنی. ب- ئەنجامی تاوانەکە بریتیە لە مردنی قوربانی: بۆ ئەوەی تاوانەکە پشتڕاست بکرێتەوە، دەبێت مردن ڕووبدات، جا مردنەکە دەستبەجێ ڕوویدابێت یان دوای ماوەیەک، ئەم دەقەش ئەگەر زیانەکە سادە بووبێت، بەڵام بریندارەکە گیانی لەدەستدابێت دوای چەند ڕۆژێک ئەگەر مردن ڕووی نەدابێت، هیچ بوارێک نییە بۆ جێبەجێکردنی ئەم مادەیە. ج پەیوەندی هۆکارانەی نێوان کردەوەکە و ئەنجامەکە: دەبێت هۆکارگەرایی لە نێوان کردەوەی تاوانبار و مردنی قوربانییەکەدا هەبێت، و مردنەکە بەهۆی ئەو کارەوە ڕوویداوە کە ئەنجامدەرەکە ئەنجامیداوە.

دووەم: توخمە ئەخلاقییەکە (مەبەستی تاوانکاری):

بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم تاوانە، پێویستە مەبەستی تاوانکاری پشتڕاست بکرێتەوە، کە مەبەستی لێدان، بریندارکردن، بەکارهێنانی توندوتیژی، پێدانی مادەیەکی زیانبەخش، یان پێشێلکردنی یاسا بۆ زیانگەیاندن بە قوربانییەکە، واتە ئیرادە بەرەو زیانکردن ئاراستە دەکرێت، جا چ سادەیەک بێت یان بە توندی.

ئیرادەی تاوانبار تەنها بەرەو زیان دەڕوات و ئاگاداری تاوانبار دەبێت لە سنووری ئەو ڕاستییەدا بمێنێتەوە کە کردەوەکە زیان بە زیان دەگەیەنێت

تەنها ئەگەر مەبەستەکەی لە بردنی ژیانێک تێپەڕێت، لەم حاڵەتەدا هیچ بوارێک بۆ جێبەجێکردنی ئەم مادەیە نییە و ئەمەش لەو قسانەی یاسادانەرەکە ڕوونە و بەنیازی کوشتنی نەبووە. بەڵام ئەگەر نیەتی زیانگەیاندن و نیەتی کوشتن هەڵبژێرێت، ئەوا ئێمە لە ئیمامداین

بە هەڵە کوژراوە. تاوانی کوشتن کە دەبێتە هۆی مردن، تاوانێکی تاوانکارییە کە ئەنجامدەر بەنیازە لێکۆڵینەوەی تێدا بکات

تاوانێکی سادە، بەڵام کردارەکەی لەوە تێدەپەڕێت و تاوانێکی قورستر ئەنجام دەدرێت، بۆیە مەبەست لێرەدا بە گۆڕینی بۆ ڕووداو تایبەتمەندە

زیانبەخشە بۆ جەستەی قوربانییەکە و ئاڕاستە نەکردنی ئیرادەیەکەی بۆ ئەوەی ببێتە هۆی مردن...

سزاکە :

سزای لێدان کە دەبێتە هۆی مردن، زیندانیکردنە بۆ ماوەیەک کە لە پانزە ساڵ زیاتر نەبێت.

زیندانیکردن بۆ ماوەیەک کە لە بیست ساڵ زیاتر نەبێت ئەگەر تاوانەکە بارودۆخێکی قورسکردنی لەگەڵدا بێت

پێشوەختە یان پێشوەختە مێدیتەیشن

ئەگەر قوربانییەکە نەوەی تاوانبارەکە بێت

قوربانییەکە کارمەندێکە یان کەسێکە کە تۆمەتبارە بە خزمەتێکی گشتی، و دەستدرێژییەکە لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکەدا یان بەهۆی ئەنجامدانی ئەرکەکەیەوە ڕوویداوە

ئامادەکاری

دەستگیرکردنی کەسەکان مادەی (٤٢١)

## بەشی سێیەم :

## تەوەرەی یەکەم :کاریگەری یاسای حامۆرابی لەسەر یاسا پەیرەو کراوەکانی ئێیستا.

لێرەدا کە باسی مادده یاساکانی سەردەمی حامۆرابی و سەردەمی ئێستا دا باسمان کردوە کەوا جیاوازی هەیە بێگومان چونکە بەپێی تێپەڕ بونی کات زانیاریەکان مرۆڤەکان ژیان کردن هتد... گۆڕانکاری بەسەر دادێیت وە بێگومان زانستیش پێشکەوتو تر ئەبێت وە لەکۆندا ئەو یاسایانەی کە دەر کراون ئەوەندەی کە ئێیمە لێکۆڵینەوەمان لەسەری کردوە لەکۆندا تەنها ٩ ماددەی یاسا باسی کوشتنی کردوە ئەویش زیاتر باسی کوشتنی ئافرەت یاخود منداڵ کراوە یانیش کەنیزەک کراوە وە ئەوەی کەنیزەکە زیاتر لەبەرامبەر کوشتنەکەی بەزیو سزاکەی دراوە ، وەلەکۆندا زۆر بەوردی باس لەم کوشتنە نەکراوە ، بەڵام گەر بێینە سەر ماددەی یاساکانی ئێیستا زۆر بەوردی باس لە کوشتن کراوە بۆ ئافرەت سزایەکە بۆ پیاو سزایەکی تر بۆ منداڵ سزایەکی تر وە ڕودانی تاوانی کوشتن پێیویستە لێکۆڵینەوەیە کی وردی لەسەر بکەن بۆ نمونە کە کەسێک ئەکوژرێ سەرەتا ئەبردرێیتە پزیشکی دادوەری بۆ ئەوەی بزانرێ کە ئاخۆ بێجگە لە کوشتن دەست درێیژی کراوتە سەر یان ئەشکەنجە دراوە چونکە بە هەر یەک لەم تاوانانە سزاکەی زیاتر ئەبێت .

## دەرئەنجام

**لێرەدا لەکاتی خوێیندنەوەی سەرچاوەکان زۆر زانیاری زیاترم زانی دەربارەی بابەتەکە پێیشتر زانیاری کەمم دەربارەی میلەکەی حامۆرابی هەبوو بەڵام کەلێیکۆڵینەوەم کرد بۆم دەر کەوت کە میلی حامۆڕابی یەک دانە نیە بەڵکو نوسخەیکی تریشی هەیە کە لەناو شار دا دانرابو وە بێیجگە لەوەی کە ئەم میلە دۆزرابۆە هەر لەلای میلەکە لەکاتی کنەو پشکنین دا ،چەندین پارچەی تری بەردی دیۆڕایتی ڕەش دۆزراوەتەوە کە چەند ماددەیەکی یاسای تری لەسەر نوسرابون بێیگومان لەگەڵ ماددە یاساکانیشدا پێیشەکیوو دەرئەنجامیشی لەگەڵ دا بوو ،**

**لەم ماوەیە دا لەهجەی بابلی بوو بەزمانی ڕەسمی بۆ تۆمارکردنی ئیداری و ئابوری و یاسایی. پێشتر زمانی سۆمەری تاکە زمانی ڕەسمی بووە . وە لەسیما دیارەکانی ئەم ماوەیە پێیشکەوتن و گەشە کردنی بازرگانی ناوەوەو دەرەوە بوو ، چەندەها بەرهەمی خۆراک و کەرستەی خاوی کانزای لەدەرەوەی وڵات هاوردە دەکرا .**

## ليستی سەرچاوەكان


**سەرچاوەی كوردی**

١.جەمیل ، كەلسوم :مێیژووی ڕۆژهەلاتی نزیيكی كۆن ،هەولێیر ٢٠١٣ز.

**سەرچاوەی زمانی عەرەبی**

١.القران الكريم

٢.اسماعيل،بهيجة خليل ،مسلة حامورابى ،بغداد، ١٩٨٠.

٣.الدامرجي ، مؤيد بسيم ، بابل،عمان ٢٠١٠.

٤.المين ، محمود ، شريعة حمورابي ، لندن ، ٢٠٠٧.

٥.جعفر ، على محمد :نشآة القوانين وتطورها،بيروت ٢٠٠٢.

٦.زناتى ، محمود سلام : قانون حمورابى ،القاهرة ،١٩٧١.

٧.حنون ،نائيل ، شريعة حامورابى ، دمشق ،٢٠٠٥.

٨.سليمان ، عامر ، قاموس العلامات المسمارية ،الجامعة الموصل ، ٢٠٠٤.

٩.باقر ،طة ،قانون لبت عشتار قانون مملكة اشنونة ، بغداد،١٩٨٧.

١٠.الحافظ ،هاشم ، تاريخ القانون، بغداد، ١٩٨٠.

١١.الحمدانى ، شهيب احمد :قانون حمورابى ، بغداد ، ١٩٨٧.

١٢.سليمان ، عامر :القانون في العراق القديم ، ط ٢ ،بغداد ١٩٨٧.

١٣.الكيالى ، عبدالرحمان :شريعة حمورابى ، حلب ، ١٩٥٨.

١٤.ألأعظمي ، د . محمد طه محمد : حمو رابي ، بغداد ، دائرة الاثار والتراث ، ١٩٩٠م .

١٥ . مسكوني ، د . صبيح : تاريخ القانون العراقي القديم ، ط١ ، بغداد ، ١٩٧١م .

١٦.الهاشمي ، رضا جواد : نظام العائلة في العهد البابلي القديم ، بغداد ، منشورات مكتبة الأندلس ، ١٩٧٠م .

١٧. الغازي ، د . إبراهيم : تاريخ القانون في وادي الرافدين والدولة الرومانية ، بغداد ، ١٩٧٣م .

١٨.عبد القادر ، الشيخلي : تاريخ العراق القديم ، بغداد ، ١٩٩٥م .

١٩.العبودي ، د . عباس : شريعة حمورابي : دراسة مقارنة مع التشريعات القديمة والحديثة ، دار الثقافة للنشر والتوزيع ، عمان ، ط٢ ، ٢٠١٠م .

٢٠.رشيد ، د. فوزي : الشرائع العراقية القديمة ، جمهورية العراق ، دار الرشيد للنشر ، ١٩٧٩م.

٢١.ساكز ، هاري : عظمة بابل ، ترجمة : د . عامر سليمان ، جامعة الموصل ، كلية الاداب ، ١٩٧٩م.

٢٢. رشيد ، د. فوزي : الشرائع العراقية القديمة ، جمهورية العراق ، دار الرشيد للنشر ، ١٩٧٩م .

٢٣. رو ، جورج : العراق القديم ، ترجمة وتعليق : حسين عليوي حسين ، جمهورية العراق ، وزارة الثقافة والإعلام ، ١٩٨٤م .

٢٣. باقر ، د . طه : مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة ، ج١ ، بغداد ، ١٩٥٥م .

٢٤. باقر ، طه : مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة ، ط٢ ، بغداد ، ١٩٧٣م .

٢٥. باقر، د . طه ، علي ، د . فاضل عبد الواحد ، سليمان ، د .عامر : تاريخ العراق القديم ، ج٢ ، (بغداد ، جامعة بغداد ) ، ١٩٨٠م .

٢٦. لحافظ ، د . هاشم : تاريخ القانون ، دار الحرية للطباعة ، بغداد ، ١٩٨٠م .


٢٧. الحمداني ، شهيب احمد : قانون حمورابي ، جامعة بغداد ، بيت الحكمة ، ١٩٨٧-١٩٨٨س .

**لیستی سەرچاوەی بیانیەکان .**


١. Abulhab, Saad D. The Law Code of Hammurabi: Transliterated and Literally Translated from its Early Classical Arabic Language. New York, NY: Blautopf, ٢٠١٧.

٢. Bergmann, Eugen. Codex Ḫammurabi: Textus Primigenius. Rome, Italy: Pontificium Institutum Biblicum, ١٩٥٣.


٣. Huehnergard, John. A Grammar of Akkadian (Third Edition). Winona Lake, IN: Eisenbrauns, ٢٠١١.




**وێنەی ١**




وێنەی ٢




**وێنەی ٣**




**وێنەی ٤**




**وێنەی ٥**




**وێنەی ٦**




**وێنەی ٧**



**وێنەی ٨**



**وێنەی ٩**



**وێنەی ١٠**